# ڕۆشنبیران و سیستەمی قەزا لە کوردستان !

مەینەتەکانی ڕۆشنبیری کورد زۆرن ، یەکێك لەو چەکە تازانەی کە دەسەڵاتی کوردی مەکربازانە ، پڕاو پڕ لە ئیستیبداد دژ بە ئازادی بیرو ڕا ، دژ بە ڕۆشنبیران بەکاری دێنێ ، بەکارهێنانی دادگایە بۆ تەمێ کردن ، بۆ سەرلەنوێ داڕشتنی هێڵی سور و بڤەکان لە بەردەم هەر قەڵەمێك کە بیەوێ لە بەرامبەر دەسەڵاتا بوەستێتەوە .

دەسەڵاتی کوردی لە ساڵی 1991 وە هەتا ئەمڕۆ ، بۆ پاوان کردنی توێژی ڕۆشنبیران پەنای بۆ زۆر ڕێگا بردووە ، لە شارێك و ڕۆژگارێك ئەگەر لە ڕێگای چەك و تۆقاندن بۆی چووبێتە سەر ، ئەوا بێ هیچ دوو دڵی بەکاریهێناوە ، لەزەمانێکی تر ئەگەر توانیبێتی ناوی مەشهورو نیمچە مەشهوری نێو توێژی ڕۆشنبریان بکڕێ ، ئەوا دڵ گەورەیەکی بێ وێنەی لە سەرف کردنی پارە وئیعتیباراتی ئیعلامی بەکارهێناوە بۆ ئەم ناوانەی بە ئەسپایی و بێ شەرم ، بوون بە برغویەکی چەواشە لە مەکینەی ئیعلامی دەسەڵاتا ، ئێستاش دوا ڕێگا کە دەسەڵاتی کوردی بەکاری دێنێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕۆشنبیران بریتی یە لە ساغ کردنەوەی پاشماوەی یاسا فاشیستەکانی عێراقی بە سەر ڕۆشنبیراندا ، لەمەش لە مەهزەلەترین خاڵەوە دەست پێ دەکا ، لە خاڵی عێراقی بوونی ڕەگەزنامەی ڕۆشنبیردا دەست پێ دەکا ، دەسەڵات پێمان دەڵێ چونکە ئێوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەزۆر دروست کراودا لە دایك بوونە ، هەتا ماون دەستم پێتان دەگا ،گرنگ نیە ئێستا هاونیشتمانی ئەوروپان یان ئەمەریکان ، ئێوە پێش هەموو شتێك عێراقین و دەبێ دوای ڕوخانی بەعسیش سیستەمی قەزای فاشیزم هەر قبوڵ بکەن .

سیستەمی قەزا لە کوردستان ، هیچ ڕیفۆرمێکی بە خۆیەوە نەبینیوە ، فاشیزم لە پەنای ئەم سیستەمە درێژە بە خۆی دەدا ، میسۆدێك کە ئەم سیستەمە مەعاش خۆرەکانی خۆی پێ پەروەردە دەکا ، میسۆدێکی تا سەرچوك ئەنتی مۆدێرنیزم ، ئەنتی دیموکراسی ، ئەنتی ئینسانیە ، شتێك کە دەسەڵاتی کوردی لەم سیستەمەی زیادی کردووە ، ئەوەیە کە وەفای 100% ئەم سیستەمەی لە بەعسەوە گۆڕیوە بۆ دەسەڵاتی کوردی .

دەسەڵات لەزمانی وەزیری مافی مرۆڤەکەی خۆیەوە پێمان دەڵێ : (( دکتۆر کەمال لە سەر تەشهیر کردن و قەزف ، بە کارهێنانی جوێن )) لە نووسینەکانیدا گیراوە ، ئەگەر ئەم دادگایە ڕاست دەکا دەبێ لە پاڵەوانەکانی جوێن و تەشیر دەست پێ بکا ، دەبێ لە سەرکردە مەیدانیەکانی شەڕی ناوخۆ وە دەست پێ بکا ، ئەم دادگایە لە بیری ماوە ئەم سەرکردانە نەك تەنیا لەووتارێك و دوان ، ئەوان ڕۆژانە دەهاتنە سەر تەلەفزیۆن و جوێن و تەشیریان بەکاردێنا ، جوێن و تەشیرێك کە تەنیا لە فەرهەنگی شەقاوەکانی بەردەرگای سینەماکاندا دەست دەکەوێ ، ئەم دادگایە لە بیریەتی کە سەرکردە هەبوو دەهاتە سەر تەلەفزیۆن بە سەرکردەکەی ڕەقیبی دەووت : (( نێرەمووك )) سەرکردەکەی بەرامبەریش دوای نیو سەعات لە تەلەفزیۆنەکەی خۆیان جوابی دەدایەوە دەیووت (( دوودەکی مەسینە گێڕ )) ئەم قانونی عقوباتە بۆشوملی ئەم قارەمانانە ناکا ؟ لە دەوروبەری هەولێر کە شەڕی ناوخۆ لە گەرمەی خۆیدا بوو ، چەندین جار ناوتان لە کوژراوەکانی یەکتر دەنا (( کەلاك )) ئەم دادگایە قسەی لە سەر ئەمە چییە ؟

بزوتنەوەی دیموکراتی لە کوردستان ، بێجگە لە مەیدانی خەبات دژ بە فەسادی ئیداری ، خەبات بۆ ئازادی بیرو ڕا ، دەبێ هاوشانی ئەمانە خەباتێکی گەورەترو جدی تر دەست پێ بکا ، بۆ گۆڕینی پاشماوەی سیستەمی قەزای فاشیزم ، دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی ، سەربەخۆ لە دەست تێوەردان ، لە پاوانی دەسەڵاتی سیاسی .

دەستەی بە ڕێوەبەری دەنگەکان
2005/12/22